KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:39 16-12-2007

## بیری نەتەوەیی وئاسایشی نەتەوەیی و یاسای ڕۆژنامەنووسان ... خالد دەربەندی



کاتی باس لە ئاسایشی نەتەوەیی دەکری پێویستە باسکار دوو خاڵی زۆرگرنگ لەبیر نەکات، یەکەمیان: خودی خۆی مرۆڤێکی لێوان لێو نەنتەوەیی بێت بە هزرو بیرو کردار. دووەمیان:شارەزایی تەواوی زانستیانەی لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەبێت و بە پێی گرنگیان پۆلینیان بکات، دوای پۆلینکردنیان کار بۆ خاڵەسەرەکیەکانی ئەوچەمکە بکات و قۆناغ بەقۆناغ هەنگاویان بۆ بنێت. ئەو چەمکانەی کە بە ئاسایشی نەتەوەیی دە ناسرێن و لاوازیی یان هەرەسیان زیانی جەرگبر بە نەتەوە دەگەیەنێت بریتیە لە:

1-نەبونی یان لاوازی فەرهەنگ و زمانی یەکگرتووی نووسین و خوێندن

2-نەبونی یان لاوازی خودی بیرو هزری نەتەوەیی

3-دابەش کردن و دەستە دەستە کردنی کۆمەڵگە ی نەتەوە

4-نەبوونی دارشتەی ستراتیژی نەتەوە

5-نەبوون یان کار نەکردن بۆ ستراتیژو ئامانجی نەتەوە

6-فەرامۆش کردنی هێزی مرۆیی نەتەوە

7-فەرامۆش کردنی هێزی زانستی مرۆی نەتەوە

8-نەپاراستنی ئەو سنورەی نەتەوە تیای دەژی

9-فەرامۆش کردنی بنکەی زانستی نەتەوە

10-سازش لە سەر پیرۆزیەکان و بەهاکانی نەتەوە

11-خۆبەخۆ بەکۆلۆنی کردن

12-گرنگی پێنەدان یان بە فیرۆ دانی کەلتوری نەتەوە

13-فەرامۆش کردن یان چەواشەنووسی مێژوی نەتەوە

14-گرنگی نەدان بە گیانی تاکەکانی نەتەوە

15-نەپاراستنی تاکەکانی نەتەوەو ڕێدان بە مامەڵکردنی بیانی بە تاکەکانی نەتەوە

16- نەپاراستن و ماوە دان بە راماڵینی ئابوری نەتەوە کە بریتین لە:

*سامانی ژێر زەوی

*ئاو

*کشتوکاڵ و جوتیار و هێزی کار

*پسپۆری پیشەسازی و بازرگانی

17-نەبونی هێزی پارێزگاری لە نەتەوە

18-دا تەپینی ژێر خانی ئابوری تاک و ولات

جگە لە مانە کۆمەڵی خاڵی تریش هەن کە گرنگی پێنەدانیان گورە ترین زیانە بەئابوری نەتەوە دەکەوێت

ئەوەی مایەی سەرسورمان و سەرنجە ئەم هەموو خالانەی باس کران کە هیچیان وەك پێویست گرنگیان پێنەدراوە لەم قۆناغە ناسکەی ئێستای کوردستان. کەچی ئازادی ڕۆژنامەنووسان لای چەندانێك بۆتە ئەو مەترسیەی زیان بە ئاسایشی نەتەوە بگەیەنێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:39 16-12-2007

بە هەموو بۆچون و فەلسەفەیەك راگەیاندن لە هەموو ولآت و لە نێو هەموو نەتەوەیەکدا فاکتەری سەرەکیە بۆ وروژاندنی مەترسیەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی و هۆشیار کردنەوە و بەئاگا هێنانی هەموو تاکەکانی نەتەوە بیجیاوازی پلەو پایە لە مەترسیەکان.

راگەیاندن تاکە هۆکارە لە ولآتی ئێمەدا بۆ سلًماندنەوەی گەندەڵکاران لە گەندەڵی ئابوری و سیاسی ورۆشنبیری و...

دیارە ئەم یاسایە وەك ئاوهای پەرلەمان دەیەوێت داخستنی هەموو دەرگاو پەنجەرەیەکە بەروی رۆژنامە نووسان و راگەیاندنەکاندا و ئاسایشی نەتەوەییش کراوەتە بیانوو. ئەگەر بوێری و پاکی وەك پێویست هەبێت ئەوا ئازادی رۆژنامە نووسان پێشخستن و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییە نەك ممەترسی، بە ڵکو مەترسی ئازادی رۆژنامەنووسین لای هەندێك هەڵدانەوەی لاپەرەی رۆژانەیانەکە خۆشیان ئارەزوی بینینی ناکەن.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.